**ڕێنوێنی سەلامەتی CPJ: پرۆگرامی سیخوری پێگاسوس Pegasus ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵگای مەدەنی دەکاتە ئامانج**

لە راپۆرتێکدا کە ١٨ ی ئەیلول بڵاوکرایەوە، سیتیزن لاب (ڕێکخراوی تاقیگەی هاوڵاتی) رایگەیاند کە پرۆگرامێکی سیخوڕیان بەناوی پێگاسوس Pegasus ئاشکراکردووە کە بۆ مۆبایل لە زیاتر لە ٤٥ وڵاتی جیهان دروستکراوە. بەگوێرەی راپۆرتەکە، Pegasus، کە مۆبایل بۆ وێستگەیەکی چاودێریکردن دەگۆڕێت، دەکرێت لە دژی ژمارەیەك رۆژنامەنووس و چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی بەکارهێنرابێت لە وڵاتانی وەکو مەکسیك، عەرەبستانی سعودییە، بەحرەین، مەغریب، تۆگۆ، ئیسرائیل، ئەمریکا و ئیماراتی عەرەبی.

لێکۆڵەران چەند هەڵمەتێکی پێگاسوسیان ئاشکراکردووە. یەکێکیان دژی رۆژنامەنووسە لێکۆڵەرەکان لە مەکسیك، و دانەیەکی دیکە دژی چالاکوانانی مافی مرۆڤ لە عەرەبستانی سعودییە. هەبوونی پرۆگرامە سیخوڕییەکە لە ٤٥ دەوڵەتدا زەنگێکی ئاگادارکردنەوەیە کە دەکرێت کاریگەری گەورەتری لەسەر رۆژنامەنوسان، و سەلاماتی خۆیان و سەرچاوەکانیان هەبێت.

پرۆگرامە سیخوڕییەکە ئەو توانایە دەداتە هێرشکەران کە داتاکانی ناو مۆبایلەکە چاودێری بکەن، تۆمار بکەن، و کۆبکەنەوە. ئەمەش هەموو ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە وەکو تەلەفۆنکردن و زانیاری لە ئەپڵیکەیشنەکانی نامەناردن و شوێنی مۆبایلەکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ. هەمووی دەستی بەسەردا دەگیرێت. پرۆگرامە سیخوڕییەکە دەتوانێت لە دوورەوە کامێراکەت و مایکرۆفۆنی مۆبایلەکەت بۆ چاودێریکردنی خۆت و چواردەورەکەت هەڵبکات یاخود بخاتە ئیش.

پێگاسوس دروستکراوە تا لەسەر تەلەفۆنی ئاندرۆید، بلاکبێری و ئای ئۆ ئێس (ئایفۆن) کاربکات بەبێ ئەوەی ئامانجکراو ئاگاداربکاتەوە کە ئەم پرۆگرامە سیخوڕییە لە تەلەفۆنەکەیدا بوونی هەیە.
رۆژنامەنووسان رەنگە تەنیا ئەوکاتە بزانن کە تەلەفۆنەکەیان هاککراوە کە پسپۆڕێکی تەکنۆلۆژی پشکین بۆ ئامێرەکەیان بکات.

پێگاسوس دەکرێت بە چەند ڕێگایەکی جیاواز لەسەر تەلەفۆن دابنرێت. رۆژنامەنوسان دەبێت ئاگاداری ئەم ڕێگایانە بن بۆ گرتنەبەری ڕێگەی گونجاو بۆ پاراستنی خۆیان و سەرچاوەکانیان.

**هێرشی ناسراو بە سپیەر-فیشینگ:**

هێرشبەران نامەی تایبەتکراو دروستدەکەن و بۆ رۆژنامەنووسێکی دیاریکراوی دەنێرن. ئەم نامانە دەریدەخەن بارودۆخێکی ناکاو لە ئارادا هەیە و لینکێك یاخود دیکۆمێنتێکی تێدایە کە تیایدا داوا لە رۆژنامەنووسەکە دەکات کلیکی لەسەر بکات. ئەم مێسەجانە بە چەندین فۆرمی جیاواز دێن، وەکو تێکست مێسەج (نامەی مۆبایل)، ئیمەیڵ، نامە لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنەکانی نامەناردنەوە وەکو Whatsapp یاخود لە ڕێگەی سۆسیاڵ میدیایەوە. هەر کە رۆژنامەنووسەکە کیلکی لەسەر کرد، پرۆگرامە سیخوڕییەکە لەسەر تەلەفۆنەکەی دادەبەزێت.

لێکۆڵینەوەکانی (سیتیزن لاب) و (ئامنستی ئینتەرناشناڵ) ئاشکرایان کردووە کە زۆربەی نامەکان لەم

شێوازانەی خوارەوەن:

- نامەکان وا نیشاندەدەن لە رێکخراوێکی ناسراوەوە هاتوون وەکو باڵیۆزخانەیەك یاخود کەناڵێکی راگەیاندنی ناوخۆیی.
- ئەو نامانەی کە ئاگادارت دەکەنەوە لە ژێر هەڕەشەیەکی لەناکاودایت.
- ئەو نامانەی کە پرسی پەیوەست بەکاری رۆژنامەنووسەکە باسدەکەن، وەکو رووماڵکردنی رووداوێك کە رۆژنامەنووسەکە زۆرجار راپۆرتی لەسەر دەکات.
- ئەو نامانەی کە باسی مەسەلەی تایبەتی و شەخسی دەکەن وەکو ئەوانەی پەیوەندیان بە وێنەی هاوژینەکەت یاخود بۆیفرێند و گێڵفرێندەوە هەیە.
- ئەو نامانەی باسی دارایی دەکەن وەکو کڕین، کرێدت کارت، و زانیاری بانکی.

نامە گومانووییەکان دەکرێت لە ژمارەی نەناسراوە بێن.

هێرشکەران دەکرێت تەلەفۆنی شەخسی و تەلەفۆنی ئیشەکەت بکەنە ئامانج. بۆ باشتر پاراستنی خۆیان و سەرچاوەکانیان، رۆژانامەنووسان پێویستە:

- ئەو لینکەی بۆیان دێت لەگەڵ نێردەری نامەکەدا باسی بکەن و بەشێوازێکی دیکە لەرێگەی چەناڵی دووەمەوە پەیوەندی بەو کەسەوە بکەن. ئەمەش باشترە لە رێگەی دەنگی یاخود ڤیدیۆوە بکرێت.
- ئەگەر نێردەری نامەکەت پێشتر نەناسیووە، چەناڵی دووەم رەنگە نەبێتەهۆی ئەوەی بتوانیت دروستی و سەلامەتی لینکەکە بزانیت، چونکە رەنگە چەناڵی دووەمیش هەر خودی کەسە نەیارەکەبێت و بیەوێت هەوڵێکی ناوازە بۆ شاردنەوەی ناسنامەی خۆی بدات.
- ئەگەر لینکەکە کورتکرابووەوە لە رێگەی وێبسایتەکانی وەکو TinyURL یاخود Bitly، ئەو لینکە کۆپی بکە و بیبە بۆ ئەو وێبسایتانەی کە لینەکەت بە تەواوی پیشاندەدەن وەکو Link Expander یاخود URLEX . ئەگەر لینکە درێژەکە گوماناوی بوو، بۆ نموونە لە سایتی وێبسایتێکی هەواڵی لۆکاڵی دەچوو، بەڵام بەدروستی لینکی هەمان وێبسایت نەبوو، کلیك لەسەر لینکەکە مەکە و یەکسەر بۆ ئەم ئیمەیڵەی forward بکە (بنێرە): phishtank@cpj.org
- ئەگەر هەستت کرد پێویستە لینکەکە بکەیتەوە، تەلەفۆنە سەرەکییەکەی خۆت بەکارمەهێنە. لینکەکە لەسەر ئامێرێکی دیکە بکەرەوە کە هیچ زانیارییەك یاخود پەیوەندییەکەی هەستیاری تێدانییە و تەنیا بۆ بینینی لینك بەکاری دەهێنیت. هەمیشە مۆبایلەکەت رێسێت بکەوە (reset to factory setting)تا فۆرمات ببێت (ئەوەشت لەبیربێت ئەم کارە هێشتا رەنگە پرۆگرامە سیخورییەکە نەسرێتەوە.) ئامێری دووەمت بکوژێنەوە و پاترییەکەی دەربهێنە لە کاتێکدا بەکاری ناهێنیت.
- براوزەرێك بەکاربهێنە کە جیایە لەوەی کۆمپانیا لەسەر تەلەفۆنەکەتی داناوە (تێبینی: براوزەر ئەو پرۆگرامانەیە کە سایتی پێدەکەیتەوە وەو گووگڵ کرۆم و فایەر فۆکس و سەفاری). بۆ نموونە ئەگەر تەلەفۆنەکەت ئاندرۆید بوو ئەو براوزەری Chrome بەکارمەهێنە و ئەگەر تەلەفۆنەکەت ئایفۆن بوو براوزەری Safari بەکارمەهێنە. براوزەرێکی دیکە بەکاربهێنە وەکو Firefox Focus بۆ کردنەوەی لینکەکە. بەڵام هیچ گەرەنتییەك نییە کە Pegasus براوزەرەکانی دیکەی نەکردۆتە ئامانج یاخود لە داهاتوودا نایانکاتە ئامانج.

**بەدەستی نەیارێك پرۆگرامە سیخورییەکە دامەزرێنرابێت.**

Pegasus دەکرێت لەلایەن سیخورێکەوە دابەزێنرابێتە ناو تەلەفۆنەکەت و بەجۆرێك کۆنترۆڵی ئامێرەکەتی کردبێت. بۆ کەمکردنەوەی ئەم مەترسییە:

- تەلەفۆنەکەت لە هیچ شوێنێك جێمەهێڵە و مەیدە بەدەستی کەسی دیکەوە.
- لەکاتی پەڕینەوە لە سنوور یاخود بازگەی پشکنیندا دڵنیابەرەوە کە هەمیشە تەلەفۆنەکەت

لەبەرچاوتە. پێش گەیشتن بە بازگەکان تەلەفۆنەکەت بکوژێنەوە و پاسکۆدێکی (ژمارەی نهێنی) ئاڵۆز بۆ مۆبایلەکەت دابنێ کە هەم ژمارە و هەم پیتی تێدابێت. ئاگاداربە ئەگەر تەلەفۆنەکەت ببەن دەکرێت هاکبکرێیت.

ئەگەر بڕوات وایە تەلەفۆنەکەت لەلایەن Pegasus ەوە هاککراوە، یەکسەر واز لە بەکارهێنانی ئەو مۆبایلە بهێنە و دانەیەکی دیکە بکڕە. دەبێت تەلەفۆنە هاککراوەکە لە شوێنێك جێبهێڵیت تا لە ڕێگەیەوە دەستیان بە خۆت و چواردەورت نەگات. ئەگەر توانیت داوای یارمەتی تەکنیکی بکەیت لە ڕێگەی ڕێکخراوێکی میدیاییەوە، یەکسەر بۆ یارمەتی پەیوەندییان پێوە بکە. ئەگەر ڕۆژنامەنوسێکی فریلانس بویت(بۆ کۆمپانیاییەکی دیاریکراو وەکو ستاف کارت نەکرد) و نەتتوانی داوای یارمەتی تەکنیکی بکەیت، پەیوەندی بە Access Now Helpline بکە.

CPJ لەگەڵ هاوبەشەکانماندا کاردەکات تا بەتەواوی لەو هەڕەشەیە تێبگات پێگاسووس ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسانی دەکاتەوە. ئەگەر نامەیەکی گومانوویت بۆ هات و پێتوابێت کە لایەن Pegasus ەوە کراویتە ئامانج، تکایە نامەکە بۆ ئەم ئیمەیڵە فۆرورد بکە: phishtank@cpj.org . زانیارییەکە بە نهێنی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئاسایشی تەکنۆلۆژیاوە هانی ڕۆژنامەنووسان دەدەین ڕێنوێنی ئاسایشی CPJ بخوێننەوە لەبارەی ئاسایشی تەکنۆلۆژیاوە و ئەو زانیارییانە لەبارەی سەلامەتی بخوێننەوە کە لە Resource Center هەن.

لەگەڵ سوپاسمان بۆ *Citizen Lab* بۆ زانیارییەکانیان.